# وانەی ٩٧: دۆزەخ!

## لۆقا ١٦

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: ترسنۆکان و بێباوەڕان و قێزەوەنا...و هەموو درۆزنان، بەشیان لە دەریاچەی بە ئاگر و گۆگرد داگیرساوە. (ئاشکراکردن ٢١: ٨) (فڕێدەدرێنە تاریکی دەرەوە...بەرەو ئاگری تاهەتایی، ئەوەی بۆ ئیبلیس و فریشتەکانی ئامادە کراوە.) (مەتا ٨: ١٢، ٢٥: ٤١) (ئەوانە بۆ سزای تاهەتایی دە چن، بەڵام ڕاستودروستان بۆ ژیانی تاهەتایی!) (مەتا ٢٥: ٤٦)

دۆزەخ! کەس حەز ناکات باسی بکات! تەنانەت نامانەوێ بیری لێ بکەینەوە! لەگەڵ ئەوەش دا، باسی دۆزەخ ئەو باسەیە کە پلانمان وایە دیراسەتی بکەین ئەمڕۆ، لەبەر ئەوەی خودا زۆری هەیە دەربارەی ئەو باسە بیڵێ. لە نووسراوە پیرۆزەکان، خودا سەدان ئاگاداری داوە تاکو خەڵکی نەچنە ئەوێ. لە وانەی

ئەمڕۆ و سبەی پلانمان وایە فێربین نووسراوە پیرۆزەکان چیمان فێردەکات سەبارەت بە دۆزەخ و ئاسمان (بەهەشت) و چۆن دڵنیا بین لەوەی دەچینە بەهەشت و نانێردرێینە دۆزەخ. زۆر کەس پێیان وایە کەس ناتوانێ بزانێ چی ڕوو دەدات لە ڕۆژی دوایی، یاخود لە کوێ تاهەتایی بەسەر دەبەن. بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە چونکە دەربارەی ڕێگای ڕزگاربوون نازانن کەوا خودا دایمەزراندووە و دەربارەی ئەو بەڵێنە سەرسوڕهێنەرانەی خودا داویەتی نازانن کەوا دڵنیاییەکی بێ گومان دەبەخشێ. ئایا ووشەی خودا پێمان دەڵێت چۆن دەتوانین بزانین بەدڵنیاییەوە کە دەچینە بەهەشت؟ بێ گومان! ووشەی خودا دەفەرموێ: **ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی تاهەتاییتان هەیە!** (١ یۆحەنا ٥: ١٣)

ئایا دەزانی کە ژیانی تاهەتاییت دەبێت کە ووشەی خودا بانگەوازی بۆ دەکات؟ لەو ڕۆژەی کە دەمری، ئایا

دەزانی گیانت بۆ کوێ دەڕوات؟  ئایا دڵنیای لەوەی کە دەچیە بەهەشت و ناتبەن بۆ دۆزەخ؟  ئەگەر ئەو دڵنیاییەت نیە، وانەی ئەمڕۆمان دەبێت زۆر سەرنجت ڕابکێشێ.

وەك ئەوەی لە ئینجیل بینیمان، کاتێ عیسای ڕزگاری دەر لەسەر دونیا بوو، زۆر خەڵکی فێر دەکرد دەربارەی ئەو شوێنەی پێی دەوترێ ئاسمان و ئەو شوێنەی پێی دەوترێ دۆزەخ.  هەرچەندە، عیسا زیاتر فێرکاری دەربارەی دۆزەخ کرد لەوەی لە ئاسمان، لەبەر ئەوەی دەزانی دەربارەی سزای سامناکی دۆزەخ و نایەوێ کەس بڕواتە ئەوێ.  باشە، با بگەڕێینەوە ئینجیل و بزانیت عیسا چۆن خەڵکانی فێر کرد دەربارەی دۆزەخ.  کەواتە ئەم چیرۆکە ڕاستە بخوێنە دەربارەی دوو کەس کە مردن.  لە بەشی شازدەی ئینجیلی لۆقا، عیسا بۆ خەڵکی دوا و فەرمووی:  (لۆقا ١٦) [١٩] پیاوێک دەوڵەمەند بوو، جلی ئەرخەوانی و کەتانی لەبەر دەکرد و هەموو ڕۆژێکی بە خۆشی ڕادەبوارد. [٢٠] هەژارێکیش ناوی لە

عازر بووە، لەبەردەرگاکەی کەوتبوو، برین لێی دابوو، [21] پەرۆش بوو لەو بەرماوەیە تێربێت کە لە خوانی دەوڵەمەندەکە دەکەوتە خوارەوە. تەنانەت سەگیش دەهاتن برینەکانیان دەلێستەوە. [22] ئیتر هەژارەکە مرد و فریشتە بۆ باوەشی ئیبراهیم هەڵیانگرت. دەوڵەمەندەکەش مرد و نێژرا. [23] لە جیهانی مردووان سەری هەڵبڕی و ئازاری دەچێژێت، لەدوورەوە ئیبراهیمی بینی و لەعازری لە باوەش بوو.

با کەمێك ڕاوەستین لێرە. تێگەیشتی چی ڕووی دا بەسەر پیاوە دەوڵەمەندەکە و لەعازری سواڵکەر؟ سواڵکەرەکە بۆ کوێ چوو کاتی مرد؟ یەکسەر، گیانی لە بەهەشت بوو، لە حزووری خودا لەو شوێنەی پێغەمبەری خودا ئیبراهیم لێیەتی ماوەیەکی زۆرە. پیاوە دەوڵەمەندەکە، ئەو بۆ کوێ چوو؟ یەکسەر گیانی چوو بۆ دۆزەخ، کە لە ئازاردا بوو لەوێ.

بۆچی لەعازری سواڵکەر چووە بەهەشت و پیاوە دەوڵەمەندەکە چووە دۆزەخ؟ یەکەم شت، هەژاری

مانای ئەوە نیە کە تۆ ڕزگارت بووە و دەوڵەمەندیش مانای ئەوە نیە کە لەناوچووی! لەعازری هەژار، چووە بەهشەت لەبەر ئەوەی گرنگی دەدا بە ڕێگای ڕزگاربوون کەوا خودا لە نووسینەکانی پێغەمبەران ڕایگەیاندبوو. سەبارەت بە پیاوە دەوڵەمەندەکەش، ووشەی خودای پشت گوێ خستبوو. ئەو پیاوە دەوڵەمەندە وەك زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆمانە کەوا ڕووخساری ئاییینی لەخۆ دەگرن. دەزانن کە یەك خودا هەیە و نووسینەکانی پێغەمبەران بوونی هەیە، بەڵام لەسەر ڕێگای دۆزەخن، لەبەر ئەوەی هەرگیز باوەڕیان بەڕێگای ڕزگاربوون نەبووە کەوا هەموو پێغەمبەرانی خودا گەواهییان لەسەر داوە لە نووسراوە پیرۆزەکان. وەك پیاوە دەوڵەمەندەکەی چیرۆکەکەمان، کاتی خۆش بەسەر بردن و بەدەست هێنانی سامان زۆر گرنگترە هلایان لەوەی گوێ لە ووشەی ڕاستی بگرن کەوا دەتوانێ گیانیان ڕزگار بکات.

با بەردەوام بین لە چیرۆکەکە و سەرنجبدە چۆن خودا

ڕێگای بەپیاوە دەوڵەمەندەکە دا بەکورتی لەگەڵ پێغەمبەر ئیبراهیم گفتوگۆ بکات، کەوا لە بەهەشت بوو. خودا دەیەوێ ناوەڕۆکی ئەو ووشانە ببینین کە لەلایەن ئەم پیاوە ووتراوە لە دۆزەخ. پەروەردگار عیسا بەردەوام بوو لە چیرۆکەکە و فەرمووی، (لۆقا ١٦)
٢٣ لە جیهانی مردووان سەری هەڵبڕی و ئازاری دە
چێژێت، لە دوورەوە ئیبراهیمی بینی و لەعازری لە باوە
ش بوو. ٢٤ هاواری کرد: (باوکە ئیبراهیم، بەزەییت پێم
دا بێتەوە، لەعازر بنێرە تاکو سەری پەنجەی بە ئاو تەڕ
بکات و زمانم فێنک بکاتەوە، وا لەناو ئەم گڕەدا ئازار
دەچێژم.)

٢٥ ئیبراهیم وتی: (کوڕم، لەبیرت بێت لە ژیانتدا شتە
باشەکانی خۆت وەرگرت و لەعازریش شتە خراپەکان.
ئێستا وا لێرە دڵنەوایی دەکرێت و تۆش ئازار دەچێژیت.
٢٦ سەرەڕای هەموو ئەمانەش، بۆشاییەکی گەورە لەنێوان
ئێمە و ئێوەدا قایم کراوە، تاکو ئەوانەی بیانەوێ لێرەوە
بۆ لاتان بێن نەتوانن و کەسیش لەوێوە بۆ لای ئێمە

نەپەڕێتەوە.)

٢٧ ئەویش وتی: (کەواتە باوکە، لێت دەپاڕێمەوە بینێرە
ماڵی باوکم، ٢٨ چونکە پێنج برام هەیە، تاکو ئاگاداریان
بکاتەوە، نەوەک ئەوانیش بۆ ئەم شوێنی ئازاردانە بێن.)

٢٩ بەڵام ئیبراهیم پێی‌ووت: (موسا و پێغەمبەرانیان هەیە
، با گوێ لەوان بگرن.)

٣٠ ئەویش وتی: (نەخێر باوکە ئیبراهیم، بەڵام ئەگەر یە
کێک لەناو مردووانەوە بچێتە لایان، ئەوا تۆبە دەکەن.)

٣١ پێی‌ووت: (ئەگەر گوێ لە موسا و پێغەمبەران نەگرن،
تەنانەت یەکێک لەناو مردووانیش هەڵستێتەوە، قەناعە
تیان پێ نایێت.)

چیرۆکی پیاوە دەوڵەمەندەکە و لەعازر کۆتایی پێ دێت. بەڕاستی ئەو شوێنەی پێی دەوترێ دۆزەخ شوێنێکی سامناکە کە بەزەیی لەوێ نیە. پیاوە دەوڵەمەندەکەی ناو دۆزەخ لەئازاردا بوو و کەس نەیدەتوانی لە ئازارەکەی کەم بکاتەوە تەنانەت بە دڵۆپە ئاوێکیش!

لەوەش خراپتر، ئەو پیاوە دەوڵەمەند هێشتا لەوێیە ئەمڕۆ! لە دۆزەخە و چاوەڕوانی ڕۆژی دادوەری دەکات کاتێ گیان و جەستە فڕێ دەدرێتە ئەو شوێنەی پێی دەوترێ دەریاچەی ئاگر. ئا لەوێ لەگەڵ ئەو کەسانە دەبێت کە پەیامی پێغەمبەران ڕەت دەکەنەوە — موژدەی خۆشی عیسای مەسیح. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەیێنێ کاتێ دەفەرموێ: (هەر کەسێک ناوی لە پەڕتووکی ژیاندا نەدۆزرایەوە نووسرابێت، فڕێدرایە دەریاچەی ئاگرەکە... بە ئاگر و گۆگرد...دووکەڵی ئازاریان بۆ تاهەتایە بەرز دەبێتەوە. شەو و ڕۆژ پشوویان نابێت!) (ئاشکراکردن ٢٠: ١٥، ١٤: ١٠، ١١) بیری لێ بکەوە ! هەر کەسێك ڕێگای ڕاستودروستی ڕزگاربوون پشت گوێ بخات کەوا خودا دایمەزراندووە و بچێتە دۆزەخەوە هەرگیز ناتوانێ دەرچێ، هەرگیز دەرناچێ، و ئاگرەکەش هەرگیز هێور نابێتەوە ! هەرگیز! هەرگیز! تاهەتا !

هەندێ کەس پێیان وایە کە لەپاش ئەوەی گوناهباران

ئازاریان چێژا بۆ ماوەیەك لە دۆزەخ دەردەچن و دەچنە بەهەشت. بەڵام ئەو بیرۆکەیە هاوتای ووشەی خودا نیە، کەوا وەسفی دۆزەخ دەکات وەك (سزای تاهەتایی.) (مەتا ٢٥: ٤٦) لە دەرئەنجامدا، هیچ نوێژێك نیە بۆ مردووان لە نووسینەکانی پێغەمبەران. دوعا کردن بۆ مردوو لە داب و نەریتی مرۆڤەوەیە بەتەواوی، بەڵام لە ووشەی خوداوە نیە کە دەفەرموێ، وەک بۆ (مرۆڤ دانراوە جارێک بمرێت، دواتر لێپرسینەوەیە!) (عیبرانیەکان ٩: ٢٧) دوعا کردن بۆ مردووان ناتوانێ لە ئازاری ئەوانەی لە دۆزەخن کەم بکاتەوە و ناشتوانێ ڕزگاریان بکات لە ڕۆژی دادوەری. سەبارەت بەوانەی لە بەهەشتن، پێویستیان بە دوعای ئێمە نیە لەبەر ئەوەی لە حزووری خودان و لە بەرەکەتێکی تەواون!

مەیەڵە کەس بە قسەی بەتاڵ فریوت بدات. هەندێ کەس دەڵێن، (خودا باشە! بەندە دروست ناکات بۆ ئەوەی پاشان بیانسوتێنێ! بەزەیی پێمان دێتەوە و دەمانباتە بەهەشت!) ئەوانەی بەم شێوەیە قسە

دەکەن بیرەکانیان پشت بە ووشەی خودا نابەستێ. وا دەڵێن تەنها بۆ ئەوەی زەمیری خۆیان هێور بکەنەوە لەبەر ئەوەی بەئیرادەی خۆیان ڕێگای ڕزگار بوون پشت گوێ دەخەن کەوا خودا دایمەزراندووە. ئەگەر پەشیمان نەبنەوە لە بیر هەڵەکانیان و ڕوو لە خودا نەکەن و باوەڕ بە ڕێگای ڕاستودروستی نەکەن لە ڕێگای عیسای مەسیح، ڕۆژێك دەزانن کە بەڕاستی دۆزەخ بوونی هەیە! بەڵام ئەو کاتە زۆر درەنگە بۆ تۆبە کردن!

باشە، پیاوە دەوڵەمەندەکە داوای چی کرد لە ئیبراهیم؟ داوای لێ کرد لەعازر بنێرێ بۆ ماڵی باوکی و پێنج براکەی ئاگادار بکاتەوە کەوا هێشتا نە مردوونە، نەوەک ئەوانیش بۆ ئەم شوێنی ئازاردانە بێن. ئەی ئیبراهیم چۆن وەڵامی دایەوە؟ پێی ووت، (موسا و پێغەمبەرانیان هەیە، با گوێ لەوان بگرن.) بەڵام پیاوە دەوڵەمەندەکە ووتی، (نەخێر باوکە ئیبراهیم، بەڵام ئەگەر یەکێک لەناو مردووانەوە بچێتە لایان، ئەوا تۆبە دەکەن.) ئیبراهیم پێی ووت، (پێی وت: (ئەگەر گوێ

لەموسا و پێغەمبەران نەگرن، تەنانەت یەکێک لەناو مردووانیش هەستێتەوە، قەناعەتی پێ ناکەن.)

موژدەی خۆشی پێغەمبەرانی خودا دەزانی کەوا دەتوانێ لە دۆزەخ ڕزگارت بکات؟ ئەو موژدە خۆشە ئەو پەیامە بەکورتی، بینیمان کە موژدەی خۆشی پێغەمبەران موژدەی خۆشی ڕزگاری دەرە پیرۆزەکەیە، ئەوەی خودا ناردیە خوارەوە تاکو لەسەر خاچەکە بمرێ بۆ ئەوەی سزای گوناهەکانت بداتەوە و پاشان لە ڕۆژی سێیەم لە مردن هەڵسێتەوە. ئەگەر بە دڵت باوەڕ بێنێ کەوا لەپێناو گوناهەکانت مرد، ئەو کاتە ناچیتە دۆزەخ! ئەو موژدە خۆشە کەوا دەتوانێ ڕزگارت بکات لە دادوەری ڕاستودروستی خودا.

وەك بۆمان دەرکەوت لە وانەی یەکەمدا، خودا دۆزەخی بۆ مرۆڤ دروست نەکرد بەڵکو بۆ شەیتان و فریشتە خراپەکارەکانی. بەڵام گوناهی باپیرە گەورەمان ئادەم هۆیە ئەوەیە کە هەموومان دوور لە خودا لەدایك دەبین، لەشانشینەی شەیتان لەسەر ئەو ڕێگا بەرەو دۆزەخ

دەڕوات.  بێ گومان ئەو سرووشتە گوناهبارەی لەناوماندایە وامان لێ دەكات بۆ تاهەتا لەناو بچین ئەگەر خودا چارەسەرێكی بۆمان دابین نەكردایە، و لەبەر ئەوەی سزای گوناه مردن و ئاگری تاهەتاییە. بە هێزی خۆمان هیچ دەسەڵاتێكی ڕزگاربوون لە دۆزەخمان نیە! بەڵام، سوپاسی خودا دەكەین كە پلانێكی دارِشت كەوا پێی بتوانێ لە گوناهەكانمان خۆش بێت!  ئەو پلانە چیە؟  مردنی مەسیحی پیرۆزە.  خودا سزای گوناهەكانمانی خستە سەر عیسا كاتی لەسەر خاچەكە مرد. وەك نووسراوە: ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە كردییە گوناه، تاكو لە ئەودا ببینە ڕاستودروستی خودا! (٢ كۆرنسۆس ٥: ٢١)

بینیمان چۆن خەڵك عیسایان ئازار و ئەشكەنجە دا، بە قامچییان كرد و تانجێكی دڕكاوییان لە سەری كرد، سوكایەتییان پێ كرد و پەلاماری دەم و چاویان دا، تفیان لێ كرد، و بزماڕڕێژیان كرد لەسەر خاچێك!  خودا ڕێگای دا خەڵك بەخراپی مامەڵە لەگەڵ مەسیحی بێ

گوناه بکەن بۆ ئەوی پێمان نیشان بدات گوناهەکانمان شایەنی چ سزایەکە. هەموو ئەو شتانەی خەڵکی بە عیسایان کرد — شایەنی ئێمەیە لەبەر گوناهەکانمان. بەڵام خودا، لەبەر خۆشەویستییە مەزنەکەی بۆمان، سزای گوناهەکانمانی خستە سەر مەسیحی پیرۆز، کوڕە خۆشەویستە تاهەتاییەکەی. لەبیرت بێت، ئازارەکانی عیسا لەسەر خاچەکە سنووردار نەبوو بەوەی مرۆڤ پێیان کرد. نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران پێمان نیشان دەدات کە کاتێ عیسا ئازاری دەچێژا لەسەر خاچەکە، خودا خۆی ئازارێکی خستە سەری کەوا مێشکی مرۆڤ لێی تێناگات. خودا سزای گوناهەکانی ئێمەی خستە سەری، ئەویش دۆزەخەی ئێمە! پێغەمبەر ئەیوب پێش بینی سەختی ئازارەکانی کرد کەوا مەسیح دەیچێژێ لەخوداوە کاتێ نووسی، خودا منی دا بەدەست زۆردارەوە و بۆ بەردەستی خراپەکار فڕێیدام...تووڕەییەکەی پەلاماریدام و چەوساندمیەوە، ددانەکانی لێم جیرکردەوە، دوژمنەکەم چاوی تێبڕیووم!

(ئەیوب ١٦: ١١، ٩)

سزای گوناه مردن و ڕوو بە ڕووبوونەوەی تووڕەیی خودایە و چوونە ناو تاریکی دۆزەخ، لەو شوێنەی خودا دەنێری هەموو ئەوانەی ڕەتیان کردەوە باوەڕ بەئینجیل بێنن! بەڵام عیسا تووڕەیی خودای لە شوێنی ئێمە کێشا، تاکو بتوانین نیعمەتی خودا وەربگرین. وەك خوێندمانەوە، کاتیٚ عیسا دەمرد لەسەر خاچەکە هەموو خاکەکە تاریك بوو وەك دۆزەخ — لە نیوەڕۆوە تاکو کاتژمێر سیٚ. لەو کاتژمێرانەدا، عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد، (خودای من، خودای من، بۆ وازت لیٚ هێنام) بۆچی خودا وازی لە مەسیحی، خۆشەویستی لەسەر خاچەکە کرد؟ گوناهەکانمان هۆیەکەیە! کاتیٚ عیسا لەسەر خاچەکە بوو، خودا سزای گوناهەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو، دۆزەخی ئێمە! ئەمە ئەو ڕاستییە بنچینەییەیە کەوا ئەقڵمان ناتوانیٚ بەتەواوی لێی تیٚ بگات. بەڵام، ئەوەی کە بەتەواوی بیٚ گومانە ئەوەیە ئەگەر بەڕاستی باوەڕ بە پەروەردگار عیسا

بێنی، ئەوا ڕزگارت دەبێت و هەرگیز ناچیتە دۆزەخ لەبەر ئەوەی خودا بەڕاستودرووست داتدەنا لەسەر بنەمای قوربانی جێگری ڕزگاری دەرەکە. وەك بەرخی قوربانیەکە، کەوا کوڕەکەی ئیبراهیمی ڕزگار کرد، عیسای مەسیح مرد تاکو ڕزگارت بکات لە مردن کەوا هەرگیز کۆتایی نایات لەو شوێنەی پێی دەوترێ دۆزەخ!

خودا دۆزەخی تۆی خستە سەر عیسای مەسیح. باوەڕت بەمە هەیە؟ باوەڕت هەیە کە عیسای مەسیح، ڕاستودرووستەکە، قەردی گوناهەکانتی دایەوە؟ یاخود دەچیە دۆزەخ تاکو خۆت قەردی گوناهەکانی خۆت بدەیتەوە تاهەتا؟ خۆت بڕیار بدە. چی هەڵدەبژێری؟ بەهەشت؟ یاخود دۆزەخ؟

خوداش بەرەکەتدارت بکات. بەم ووشە سامناکانەی پەروەردگار عیسا ماڵ ئاوایيت لێ دەکەین: (لە دەرگای تەسک بڕۆنە ژوورەوە، چونکە دەرگایەکی بەرین و ڕێگایەکی پانە ئەوەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات، زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە. بەڵام تەسکە

دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.) (مەتا ٧: ١٣، ١٤)